

**هەرچەندە برادەرەکەی بۆ شەوێك ژنەکەی لێ مارەکرد ، بەڵام دوایی رازی نەبوو تەڵاقی بدات**

# مارەبەجاش

## هەندێك کەس پێیان وایە مارەکردنی ژنکەی لە کەسێکی تر بۆ شەوێك بەسە بۆ گێڕانەوەی تەڵاقی کەوتووی

● مام عەلی دەیوت "رۆژێکی گەرمای تەمووز بوو، تراکتۆرێکم پێبوو، (سۆفی قادر) لەسەرجادەکە دەستی لێڕاگرتم ، سوێندم لێخوارد تا بۆم نەگێڕێتەوە بۆچی "وەنەوش"ەت مارەکرد و دوای شەوێك تەڵاقتدا ؟ عەلی ووتی: راستیەکەی من ژنم نەهێنا ، بەڵکو مام عەولاّ هەرسێ تەڵاقەکەی کەوتبوو ، هاتەلام و داوای یارمەتی لێکردم کە وەنەوشی ژنی مارەکەم لەخۆم، منیش بۆنا؟ رازی بووم ، دوای شەوێك لەگەڵیدا مامەوە لەسەر وەعدی خۆم تەڵاقم دا و ئیتر ماموستا لە مام عەولاّی مارەکردەوە وەك جاری جاران "

دوای ئەوەی پیاووژنێك لێك جیابووبنەوە و هەرسێ جار تەڵاقەکە کە ئاینی ئیسلام بۆی داناوون کەوتبێت و دوایی بیانەوێت بگەڕێنەوە لای یەك، ئەوکات "بە ووتەی هەندێ لە ماموستایانی ئاینی" پێویستە مارەبکرێتەوە لە پیاوێکی تر بۆ ماوەیەکی کورت لە رۆژێکەوە تا هەفتەیەك و دوایی تەڵاقیبدات و پاشان لە پیاوی یەکەمی مارە بکاتەوە ، بەم حاڵەتە لە کوردەواریدا پێیدەڵێن "مارەبەجاش" بەعەرەبی پێی دەوترێ "تەحلیل".

مەلا حەسەن ،کە پێشنوێژی یەکێکە لە مزگەوتەکانی دەربەندیخان دەڵێت "مەلایەکی هاوڕێم هەیە و لە سلێمانی دادەنیشێت ، پیاوێك سێ جار ژنەکەی تەڵاقدابوو ، هاتنە لای مەلا هاوڕێکەم و داوای مارەبەجاشیان لە ماموستا کرد بۆ ئەوەی دوای مارەبەجاش ببنەوە بە هاوسەری یەکتر، مەلاکە کەسی دەستنەکەوت ناچار لە خۆی مارەکرد، بۆ شەو کە دەچنە سەر جێگەی نوستن مەلا لێیدەپرسێت: ئەتەوێت بەبەردەوامی لام بمێنیتەوە و نەڕۆیتەوە؟ ژنەکەش ئەوەندە تاڵاوی مێردەکەی تری چەشتبوو، بەم پرسیارەدڵخۆشبوو، ئیتر ژنەکە رازی بوو بەمەلا و بوویە هاوسەری دووەمی ، ئێستاش پێکەوەن و لە سلێمانین"

مەلاحەسەن لەبارەی شەرعیبوونی دیاردەکەوە ووتی "نیکاحێکی نهێنییە و قەبوڵکردنی پیاوە لەدوای نەمانی تەڵاقەکانی ، دەبێت ژنەکەی لە پیاوێکی تر مارەبکرێت، ئەم کارە لای پیاوانی ئاینی و مەلاکانەوە بەنهێنی دەکرێت " ماموستا حەسەن ئاماژەی بەوەکرد زۆربەی کات مەلاکان لە "پیاوێکی کەنەفت یان پیر"ی ماردەکەن بۆ هەفتەیەك یان رۆژێك یان کەمترو "دوایی پێویستە تەڵاقی بدات و لە پیاوە ئەسڵیەکەی خۆی مارەبکرێتەوە ، ئەگەر پیاوە تازەکەی تەڵاقی بدات".

تا ئێستاش قسە و ڕای جیاواز لە نێو زانایاندا هەیە لەبارەی ئەسڵی "مارەبەجاش" و شەرعیبوونیەوە ، هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی ئەم دیاردەیە بە بێ بنەما لەقەڵەمدەدەن و بەقسەڵۆکی ناوخەڵك ناویدەبەن.

مەلاحامیدی پێشنوێژی یەكێك لە مزگەوتەكانی دەربەندیخان لەبارەی مارەبەجاشەوە پێچەوانەی هەندێك مامۆستای ئایینی دیکە ووتی "لە کوردستاندا هەرگیز مارەبەجاش نەکراوە و تەنها قسەڵۆکی خەڵکە" لەبارەی بوونی ئەسڵێکی دینیشەوە مەلا حامید دەڵێ "هیچ ئەسڵێکی دینی نییە و بە درێژایی 59 ساڵی تەمەنم مارەیی لەوجۆرەم نەبینیوە"

بەڵام مەلا جەبار لەبارەی چۆنێتی دامەزرانی ئەم نیکاحەوە سورە لەسەر شەرعیبوونی بەمەرجێ لەفزەکەی ئاشکرا نەکرێ بەووتەی مەلا جەبار چونکە "نیکاح خۆی لەفزە واتە بە داواکردن و ڕازیبوون دادەمەزرێ، ڕاستە دەبێ ڕێکەوتنێك لە نیەت و دڵەوە هەبێت کە مەبەست لێی مارەبەجاش بێت، بەڵام چونکە بەئاشکرا دەرنابڕێت نیکاحەکە دادەمەزرێت" ئەو ئاماژەی بەوە دەکرد کە نابێت بە هیچ جۆرێك مەبەستەکە و ووشەی مارەبەجاشەکە ئاشکرابکرێت چونکە بەپێی شەرع "بەفەرموودەی پێغەمبەر ئەو حاڵەتە نەفرەت لێکراوە " لَعن الله المحلِل و المحَلَل " مەلاحامید ئەم فەرمودەیەی بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی هێنایەوە.

لەبارەی ئەم ئەم دیاردانەوە کە لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستاندا رویداوە، (مام داوود) کە لەخانەقین دادەنیشێت وتی "لە یەكێك لە گوندەکانی گەرمیان (فەتاح) برادەرم بوو ، جارێکیان خزمێکی نزیکی تەکلیفی لێکردبوو کە تەڵاقی نەماوە و بەڵکو ژنەکەی وەك مارەبەجاش بۆ شەوێك مارەبکات، نەوەك نەناسراوێك مارەی بکات و دوایی تەڵاقینەدات، فەتاح بەم پیاوەتیە رازی بوو" ژنەکە و مەلایەکیان بردە خانویەکی چۆڵەوە و مەلاکە لێی مارەکرد ، پاشان بەجێی هێشتن، بۆ شەوێك لەگەڵ ژنەکەدا خەوت ، بۆ بەیانیەکەی هەرچی دەرگا و پەنجەرەی ژورەکەبوو گرتبووی ، هەرچەند کەسوکار و خەڵك پێیانوتبوو وەرەدەرەوە بەڵام گوێی پێنەدان و کردی بە دوو شەو و بەتەما نەبوو تەڵاقی بدات، بۆ رۆژی دووەم هەرەشەی زۆریان لێکرد و وتیان خانوەکە دەروخێنین ئیتر ناچاریان کرد تەڵاقیدا و ناردیەوە بۆ لای برادەرکەی "

زۆرکەس ئەمە بە عورفێکی دواکەوتوو و ناشارستانی ناودەنێن ، بەڵام مەلاحەسەن دەیووت "گرفتەکە لەوەدایە ، پیاوێك هەموو ژیانی موشکیلە بێت و ئەوەندەش موشکیلەکەیان گەورەبێت، سێ جار ژنەکەی تەڵاقبدات و ژیرنەبێت، ئیتر ئەبێت ئەو سەرشۆڕیە قبوڵ بکات و پیاوێکی تر مارەیبکات و دوایی بەتەکلیف پێیەتەڵاقبدەن و ئینجا بیهێنێتەوە"

لەبارەی بنەمای زمانەوانی و هۆکاری ئەوەی بۆچی لەکوردەواریدا ناوی "مارەبەجاش"ی لێنراوە مەلاجەبار ووتی "وشەکە بۆ جاشایەتی دەگەڕێتەوە چونکە لە کوردەواریدا جاشایەتی سوکایەتیە و بۆ کەسانی نەفس نزم و سەرشۆڕ بووە ، مارەبەجاشیش لەو وشەیەوە هاتوە" مەلا جەبار لەبارەی رای خۆیەوە لەسەر دیاردەکە ووتی " پێویستە پیاو ئەو سێ تەڵاقەی نەگەیەنێتە حاڵەتی مارەبەجاش تا ئەو سەرشۆڕیە قبوڵنەکات، ئێستا باشترە و ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە و بەکەمیدەکرێت "

